

## لە هەولێر
## تەنیا ٣ دایەنگەی حکومی هەیە
## ٦٣٠ منداڵ وەردەگرێت

# کردنەوەی دایەنگە لە ناو فەرمانگەکان ئەرکی دایکانی فەرمانبەر سووک دەکات

گەشـــەی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، دەلاقەی دەرگەیەکی خستەسەر پشت، بۆ ئەوەی کرانەوەی زیاتـــر بەرامبەر بە کاری دەرەوەی ئافرەتان ڕوو بدات، ئەوەش وایکـــردووە بەردەوام ڕێژەی خانمانی کارمەند لە زیادبووندا بێت. بەڵام بەشـــێکی زۆریان ســـەرەڕای کاری ناوماڵ و هاوســـەرداری و ئەرکی ئیداری لە فەرمانگەکەیان، هاوکات دایکن و پەروەدەی منداڵەکانیان گەورەترین بارگرانییان بۆ دروســـتدەکات، بەتایبەتی ئەو دایکانەی کە شوێنێك شك نابەن، تاوەکو کۆرپە و منداڵی ساوای خۆیانی لە کاتی دەوامکردندا پێپسپێرن، یان ئەوانەی کە مووچەیان کەمە و توانای ئەوەیان نییە، منداڵی خۆیان لە دایەنگە و باخچەی ساوایانی ئەهلی دابنێن، بۆیە بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە. ژمارەی دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومیش زۆر کەمە و ئەوەشی هەیە، بۆ زۆر خێزان دوورەدەستە و هاتوچۆپێکردنی منداڵەکەیان تێچووی زۆری دەوێت، بۆیە ئەو دایکانە چاویان لە بڕیارێکی حکوومییە بۆ ئەوەی لەناو گشت دامودەزگە و فەرمانگەکاندا، دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومی هەبێت و بە پێوەری ســـتاندارد لە پەروەردەی منداڵانی ســـاوای دایکانـــی کارمەند هاوکارییان بکەن.



**تا منداڵ تەمەنی نەگاتە ١٨ مانگ دایەنگە حکومییەکان وەریان ناگرن**

دایکانی فەرمانبەر دوای تەواوبوونی مۆڵەتی دایکایەتی، جگە لەدایەنگە ئەهلییەکان هیچ ناوەندێکی دیکە بۆ لەئامێزگرتنی کۆرپەکانیان شك نابەن، تەنانەت لەناو هەولێردا تەنیا دوو دایەنگەی حکوومی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو قەرەباڵغی و فشارە زۆرەی کە لەسەریانە، منداڵەکان لەتەمەنی ١٨ مانگییەوە وەردەگرن، لەکاتێکدا بەپێی یاسا پێویستە دایەنگەی حکوومی و ئەهلی لە ٤٠ ڕۆژییەوە منداڵ وەربگرن، ئەوەش وایکردووە زۆرجار دایکان مۆڵەتی بێ مووچە وەربگرن و بۆ ماوەیەك لەکارەکانیان داببڕێن، بۆ چارەسەری ئەو گرفتەش دایکانی کارمەند خوازیاری ئەوەن هەر فەرمانگەیەك دایەنگەی تایبەت بەخۆی هەبێت.

**منداڵەکانیشم وەکو من تووشی سەرلێشێواوی بوون**

ڕۆژان عەبدولقادر مامۆستایە و بەنیگەرانییەوە باس لە ئاریشەکانی خۆی و دوو منداڵەکەی دەکات و دەڵێت: «بەحوکمی ئەوەی دەوامەکەم سێ ڕۆژ بەیانیانە و سێ ڕۆژیش ئێوارانە، ئەو ڕۆژانەی بەیانیان بم، کێشەم کەمترە گەورەکەیان دەبەمە باخچەی ساوایان و بچووکەکەشیان دەبەمە دایەنگە، بەڵام کە دەوامەکەم پێچەوانە دەبێتەوە، ڕۆژێ لای خەسووم و ڕۆژێ لای دایکم و ڕۆژێ لای ئەم و ئەون، بڕوا بکەن بەزەییم بەحاڵی ئەو منداڵەدا دێتەوە، ئەوانیش وەکو من تووشی سەرلێشێواوی بوون، ئەوە جگە لەوەی دووریی نێوان ماڵی خەسووم و ماڵی دایکم لە ماڵی خۆمانەوە، ڕۆژانە نیوسەعات لەدەوامم دوادەخات، ئێوارانیش بەهەمان شێوە تاوەکو منداڵەکانم لەم لا و ئەولا دەهێنمەوە، درەنگتر دەگەمەوە ماڵ، ئەوە جگە لەوەی کە ئەو هەموو هاتووچووە بۆ زۆر کەس بارگرانییە و کرێی تەکسیش زۆر گرانە، ئەو هیلاکییە فشاری دەروونی بۆ دایکی فەرمانبەر دروستدەکات و ڕەنگە وای لێبکات نەتوانێ ئەرکەکەی بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکات، بۆیە داواکارم حکومەت چارەسەرێك بۆ کێشەی منداڵەکانیان بدۆزێتەوە».

**تەنیا دوو وەزارەت دایەنگەیان بۆ فەرمانبەرانی خۆیان کردۆتەوە**

نەبوونی دایەنگەی تایبەتی بە دایکانی فەرمانبەر لەناو فەرمانگەکان، گرفتی زۆری بۆ زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر دروستکردووە، تەنانەت لەسنووری پارێزگای هەولێردا تەنیا سێ دایەنگەی حکوومی هەیە، لەبەرامبەردا نزیکەی (٤٠)



دایەنگەی ئەهلی هەیە، دایەنگە حکوومییەکانیش بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کە دەکەوێتە سەریان ناچار دەبن سنوورێك بۆ وەرگرتنی منداڵان دابنێن، لەکاتێکدا دەکرێت هەموو فەرمانگەیەك دایەنگەیەك لەناو بینایەی خۆی بکاتەوە، بەمەش تاڕادەیەك ئەو گوشارە کەمتر دەبێتەوە، ئەوەی جێگەی تێبینییە لەکۆی سەرجەم فەرمانگە و دامودەزگا حزبی و حکوومییەکان تەنیا دوو وەزارەت دایەنگەیان بۆ فەرمانبەرانی خۆیان کردۆتەوە، ئەویش وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی تەندروستییە، تەنیا فەرمانبەرانی دیوانی ئەم دوو وەزارەتە لەم خزمەتگوزارییە سوودمەندن.

**ئەزموونی دادەی دایەنگەکان**
**بۆ منداڵ گرنگە**

زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە مامۆستایانی دایەنگە و باخچەکانی ساوایان کەسانی شارەزاو ڕاهێنراو نین، هەر لەو بارەیەوە پسپۆڕی دەروونی شەونم کانەبی دەڵێت: «پێویستە پێش ئەوەی دادە لەدایەنگەیەك دابمەزرێنرێن، ئەزموون و تاقەتیان لەبەرچاوبگیرێت، لەپاڵ ئەوەشدا سەرپەرشتیار و خاوەن دایەنگەکانیش دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرن، هەر دادەیەك وەردەگرن، پێویستە لەڕووی مامەڵەکردنییەوە لەگەڵ منداڵان چاودێری بکەن، جگە لەوەش زۆر پێویستە خول بۆ دادەو سەرپەرشتیاران و سەرجەم کارمەندەکانی دایەنگە و باخچەکانی ساوایان بکرێتەوە.

**تا تەمەنی پێنج ساڵان**
**بناغەی ڕێچکەی ژیانی منداڵ دادەنرێ**

ئەو دەروونناسە باس لەوە دەکات کە خێزان ئەکتیڤترین یەکەی کۆمەڵایەتییە کە دەتوانێت بناغەو کەسێتیی منداڵ دیاری بکات، چونکە منداڵ تا تەمەنی پێنج ساڵان بناغەی ڕێچکەی ژیانی دادەنرێ و دەبێت زۆر بایەخی پێبدرێ، بۆیە هەر دامەزراوەیەك کە لەجیاتی خێزان ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ دەگرێتە ئەستۆ، پێویستە ئەو ئەرکە بەزیادەوە دابین بکات، بەڵام بەداخەوە لەکوردستاندا بەشی زۆری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان نەك هەر نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بەڵکو زۆرجار بوونەتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی منداڵ لە ژینگەی خێزانەکەی، بەتایبەت بەشێك لە دایەنگەکان مەرجەکانی پەروەردەییان تێدا بەدی ناکرێت و تەنیا وەك جێگەیەکن بۆ ڕاگرتنی منداڵ و پێدانی خواردن و هەندێك خزمەتگوزاری سەرەتایی».

بەڕێوبەری گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی

بەڕێوبەری گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر:

**لەبەرنامەماندایە چەندین دایەنگەی حکوومی بکەینەوە بەڵام گەورەترین کێشەمان نەبوونی بینایەی تایبەت بە دایەنگەیە**

سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی

**پێویستە لە هەموو دایەنگەکان هۆبەیەکی تایبەت بەمنداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێتەوە بۆ ئەوەی چیتر ئەو منداڵانەش بێ بەش نەبن**

دەروونناسێک

**بەشێک لە دایەنگەکان مەرجەکانی پەروەردەییان تێدا بەدی ناکرێت، تەنیا جێگەیەکن بۆ هەندێک خزمەتگوزاری سەرەتایی**

بەرپرسی هۆبەی دایەنگەکان

**لە پارێزگای هەولێر سێ دایەنگەی حکومی هەیە و هەر یەکەیان ٢١٠ منداڵ لەخۆ دەگرێت، ئەمەش زۆر کەمە**

**زۆر دایکی فەرمانبەر هەیە مووچەیان کەمە و بەشی ئەوە ناکات یەک دوو منداڵی خۆیان لە دایەنگەی ئەهلی دابنێن**

**نەبوونی دایەنگەی حکوومی فشاری دەروونی بۆ ئافرەتی فەرمانبەر دروستدەکات و رەنگە وای لێبکات نەتوانێ ئەرکەکەی بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکات**

و گەشەپێدانی هەولێر (د. ڕۆزە عەبدوڵلا شەریف)، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئێمە وەك بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر، لەبەرنامەماندایە چەندین دایەنگەی حکوومی بکەینەوە، لەو بوارەشدا چەندین کەسی پسپۆڕ و چاودێر و بەردەست و سەرجەم فەرمانبەرمان ئامادەیە، بەڵام گەورەترین کێشەمان نەبوونی بینایەی تایبەت بە دایەنگەیە، چونکە دایەنگە پێویستی بەبینایەی تایبەت بەخۆی هەیە و ناکرێت، لەهەموو شوێنێکدا دایەنگە دابنرێت، بینای دایەنگە دەبێت بەجۆرێك بێت لەگەڵ حەواندنەوەی زۆرترین ڕێژەی منداڵاندا بگونجێت».

## دایەنگە لەناو فەرمانگەکان کێشەی دایکانی فەرمانبەر کەم دەکاتەوە


د. ڕۆزە عەبدوڵلا ئەوەشی خستەڕوو کە کار بۆ ئەوە دەکەن لەهەموو فەرمانگەکان دایەنگە بکرێتەوە، و دەڵێت: «ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ کردنەوەی دایەنگە لەهەموو فەرمانگەکاندا بۆ ئەوەی ئەو دایکە بە ئاسانی بتوانێت چاودێریی منداڵەکەی بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر دایەنگە لەناو فەرمانگەکەدا هەبێت ئەوا کێشەکانی دایکانی فەرمانبەر زۆر کەمتر دەبنەوە .گوتیشی: «بەکردنەوەی دایەنگەی نێو فەرمانگەکان زۆرترین ڕێژەی منداڵان سوودمەند دەبن، چونکە بەشێکی زۆر لە دایکان بەهۆی ئەوەی کە منداڵەکانیان لە دایەنگەیەکی دوورن، ناتوانن چاودێرییان بکەن، ئەمەش ئەو دایکانە ڕووبەڕووی قەیران و گرفت دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لەناو خودی فەرمانگەکەدا بن، کێشەکە کەمتر دەبێتەوە» .

## لەسنووری پارێزگای هەولێر تەنیا سێ دایەنگەی حکوومی هەیە

بەرپرسی هۆبەی دایەنگەکان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی (دیمەن محەمەد بایز) ئەوەی بۆ گولان ڕوونکردەوە کە لەسنووری پارێزگای هەولێر تەنیا سێ دایەنگەی حکوومی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:( دایەنگەی پەپوولە و دایەنگەی ژین لەهەولێر و دایەنگەی کۆیە لە شارۆچکەی کۆیە) .جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوان بەرنامەیان دارشووە بۆ کردنەوەی چەند دایەنگەیەکی حکوومی و گوتی: «لە پارێزگایەکی گەورە کە پایتەختی کوردستانیشە سێ دایەنگە هەیە و هەر دایەنگەیەکی حکوومی ساڵانە (٢٠٠) هەتا (٢١٠) منداڵ لەخۆ دەگرێت، کە ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد بە ڕێژەی ئافرەتانی فەرمانبەر زۆر کەمە و ناگونجێت، لەبەر ئەوەی ڕێژەی ئافرەتانی فەرمانبەر زۆر لەوە زیاترە و پێویستمان بەدایەنگەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی پێویستی دایکان پڕ بکاتەوە»، دیمەن باسی لەوەشکرد کە «بەپێی یاسا دایەنگە حکوومی و ئەهلی دەبێ لە ٤٠ ڕۆژییەوە منداڵ وەربگرن» .

## منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دایەنگەکان بێبەش کراون

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ڕەشاد محەممەد مراد، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان هێمای بۆ ئەوە کرد کە لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرچاو ئافرەتی فەرمانبەرمان هەیە و ژمارەی دایەنگەکانیش زۆر کەمن و لەگەڵ ئەو ڕێژەیە ناگونجێن. ڕەشاد ڕایوایە «دایەنگە حکوومییەکان دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر خزمەت بە دایکانی فەرمانبەر و منداڵەکانیان بکەن، هەم لە ڕووی خزمەتگوزاری و هەم لەڕووی چاودێری و بوونی ستافی کارا». گوتیشی: «تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئەو فەرمانگانەی دەوامیان زۆرە، خۆیان دایەنگەیەك بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆ ئەوەی منداڵی فەرمانبەرەکان نزیکی دایك و باوکەکان بن و بتوانن چاودێرییان بکەن». ڕەخنەی لەوەش گرت کە «لە دایەنگە ئەهلی و حکوومیەکانیشدا توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی پشتگوێ خراون، ئەوەش گرفتێکی گەورە دروستدەکات، چونکە بۆ نموونە منداڵ نەخۆشی ئۆتیزمی هەیە، کەچی لە دایەنگە دەڵێن: ئەو منداڵە گۆشەگیرە، واتە پسپۆڕی تایبەتمەندیان نییە، کە چاودێریی ڕەوشی منداڵەکان بکات»، بەبروای ئەو سەرپەرشتە پەروەردەییە «پێویستە حکومەت زۆرترین ڕێژەی دایەنگەی حکوومی دروست بکات، هەتا گرفتی دایکان کەم ببێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو خزمەتگوزارییەی کە دایەنگەی حکوومی پێشکەشی دەکات، هەم نرخی هەرزانە و هەم خزمەتگوزاری زیاتری هەیە کە دایەنگەی ئەهلی ناتوانێت پێشکەشی بکات». هەروەها باسی ئەوەی کرد کە «تائێستا لەناو دایەنگە حکوومی و ئەهلییەکاندا بەشێکی تایبەت بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت نییە و لەو خزمەتگوزارییە بێبەش کراون، واتە ئەگەرماڵێك منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەبێت، ئەوا هیچ دایەنگەیەك



وەری ناگرێــت، ئەمەش وادەکات ئەو دایك و باوکانەی کە منداڵی لەم چەشنەیان هەیە تووشی گرفتی زۆربن».

ڕەشـــاد داوا لەکابینـــەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەکات «کابینەی نوێی حکومەت پێویستە لەکاتی دارشتنەوەی بەرنامەی کاری خۆیدا سیستەمێکی وەها دابنێت کە لە هەموو دایەنگەکان هۆبەیەکی تایبەت بەمندالانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر منداڵی خاوەن پێداویســـتی تایبەت لەودیو دیوارەکانەوە تەماشای کۆمەڵگە نەکات» .

**منداڵان نەوەی دوارۆژن و ئەرکی پەروەردەییان تەنیا لە ئەستۆی خێزاندا نییە**

حەیـــات مەجیـــد پەرلەمانتـــاری خولی چوارەمـــی پەرلەمانی کوردستان، ســـەرتا باسی ئەوە دەکات کە «منداڵان نەوەی دوارۆژن و ئەرکی پەروەردەییان تەنیا لە ئەستۆی خێزاندا نییە و حکومەت پشـــکی زیاتری بەر دەکەوێت، بۆیە پێویســـتە حکومەت کار بکات بۆ کردنەوەی دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومی و گرنگی زیاتر بە بناغەی پەروەردەیەکی تەندروست بدات، کە لەو قۆناغەوە دەست پێدەکات».

ئـــەو پەرلەمانتارە زیاتر گوتی: «پێویســـتە کردنەوەی دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومی لەسەر بنەمای فەرمانگـــەکان بێت، واتـــا زۆر دامـــودەزگا هەیە کە دەوامیان زۆرە و ئافرەتانی فەرمانبەریان بەهۆی ئەوەی کـــە منداڵەکانیان لەدایەنگەیەکـــی دوورن، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبنەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەناو فەرمانگە و وەزارەتەکانـــدا دایەنگە و باخچەی ســـاوایان بکرێتەوە، ئـــەوەش وادەکات بەتایبەتی ئـــەو ئافرەتانەی کە مووچەیان کەمە، سوود لەو پڕۆژە خزمەتگوزارییە وەر بگرن».

حەیات مەجید ئەوەشـــی دووپات کردەوە کە پێویستە چاودێریی پزیشـــکی و دەروونـــی بخرێتەســـەر گشـــت دایەنگە و باخچەکانی ســـاوایان بۆ ئەوەی ئایندەی گەشـــیان بۆ مســـۆگەر بکرێ». لە کۆتایی قسەکانییدا گوتی: «زۆر دایکی فەرمانبەرمان هەیە کە مووچەیان کەمە و بەشـــی ئەوە ناکات یەك دوو منداڵی خۆیان لە دایەنگەی ئەهلـــی دابنێن، بۆیە ئەرکـــی پەرلەمان و حکومەتە لەو بوارەدا بە یاساو جێبەجێکردنی ئاسانکارییان بۆ بکەن».

# باسکی ئافرەتان ژیانی کۆچەران زەنگین دەکات

**لە ژیانی کۆچەریدا، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بوونی نییە**

**ژن و پیاو وەک یەک کار دەکەن و ڕێزی یەکتری دەگرن**



**کوردستان جگە لە جوانیی سروشت و خاکی بەپیتی، جوگرافیاکەی واهەڵکەوتووە، هەموو پارچەکانی کوێستان و گەرمیانی هەیە، ئەوەش وایکردووە، جگە لە قەرەجەکانی بێ نیشتمان، بەشێك لە ئاژەڵدارانی خەڵکی کوردستانیش گەرمێن و کوێستان بکەن و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییان بەهاتنی وەرزی بەهار گوندەکانی خۆیان جێدەهێڵن و بە مەڕوماڵاتەوە ڕوو لە لەوەڕگەکانی چیا و کوێستانەکان دەکەن. گۆڤاری گوڵان لە کارێکی مەیدانیدا سەردانی چەندین خێزانی کۆچەری لە دەڤەری قەڵادزێ کرد، تاوەکو لە نزیکەوە لە ئاریشەکانیان بزانین و بۆ لایەنی پەیوەندیدار و خوێنەرانی گۆڤارەکەمانی بخەینەڕوو.**

گوڵان کۆمەڵایەتی– دەڤەری پشدەر



**لە کاتی کۆچەری کەمتر هاوسەرگیری دەکرێ و ئەوەشی بووک بهێنێ، خێوەتێکی بە جیا بۆ هەڵدەدات، وەک جاران نەماوە هەمووی لەبن خێوەتێک بژین**

سـپێدەیەکی زوو لە هەولێری پایتەختەوە بەرەو بنـاری کۆێسـتانەکانی دەڤـەری قەڵادزێ کەوتینەڕێ، لە درێژەی ئەو سـەفەرەدا کە لە پێدەشتەکانەوە بەرەو هەورازەکانی شاخ و چیای کۆێستان دەستی پێکرد، گەلێك جوانی سرۆشتی وڵاتەکەمـان بەرچاو کەوت و بە گەیشـتن بە یەکەم کانیاوی تەنیشت ڕەشماڵەکانی کۆچەران هەندێك حەواینەوە و دواتر سەری قسەمان لەگەڵ ئافرەتێکی بەسـاڵاچوو کـردەوە، ئەوە خۆی بە مریەم بابەکر ناساندو نەیدەزانی تەمەنی چەندە، بەڵام وەك خۆی باسـیکرد (٧٠ساڵێك) دەبوو. ئەو خاتوونە دایکی سێ کوڕ و دوو کچە و بەو تەمەنەیشەوە هێشتا بە وزەیەکی زۆرەوە سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی بوو. بە بزیەیەکی نەرمیشـەوە گوتی: «وەڵاهی نزیکەی چل سـاڵێك کاری تووتنم کردووە و بـەوە منداڵەکانم بەخێوکردووە، پاشـان گەورە بـوون، مەڕم بـۆ پەیداکردوون، لەلادێش ژیـان زۆر زەحمەت بووە، حکومەتیش هیچی بۆ مان نەکردووە، ئەوە لە کۆشکەڵەیەکین و لەخانووی داراندا دەژین، لەگەڵ ئەو بووکەم و شوانی کوڕم مەڕو ماڵاتمان هێناوەتە ئەم شاخە، هەموو ساڵێك لەپاش نەورۆزێ دێینە ئێرە و سێ مانگی بەهارێ لێرە دەبین، دوایی پەرێز دەکەین و دەچینەوە».

زەینەب حوسـێن شـێخە، بووکـی مریەمە و ئەویش لەگەڵ خەسـووی و هاوسـەرەکەی بە بارەباری مەڕان ئاشنایە و دەزانێت دابینکردنی بژێـوی خێزانەکەی بە ئاژەڵدارییەوە بەندە، بۆیە ماندوونەناسانە ڕۆژانە شانبەشانی هاوسەرەکەی کار دەکات و هیچ گلەییەکیشـی نییە. ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێت: «خوای گەورە بەشی هەموو مرۆڤێکـی دیاری کـردووە و دەبێت بەوە ڕازی بین، بۆیە ئافرەتی گوندان وەك پیاوان کار دەکەن و جگە لەوەش شیو دەکەن و منداڵ بەخێو دەکەن و میوانان بەڕێدەکەن.

هێمای بۆ ئەوەش کرد کە شەش منداڵی هەیە، بەڵام ئەوان قوتابین و ناتوانن هاوکارییان بکەن. سـاڵانی کۆن مەشـکە هەبوو کە ماستەکەیان پێ دەژاند و کەرە و دۆیان لێ دروسـت دەکرد، بەڵام زەینەب دەڵێت: «ئێستا مەشکەی پێستی حەیوان نەمایەو بۆتە مەشـکەی کارەبا، ئەوی ئێستا ئاسان و خاوێنتریشە».

ئیسماعیل عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی (کۆشکەڵە) یە. ئەویش بە زاراوایەکی سادە و ساکار دەڵێت: «عومرم ٤٣ سـاڵە و لەوەتـی فامم کردۆتەوە هەر خەریکی مەڕداریم، مەرداری زۆر زەحمەتە، زستانان سێ مانگ خەریکی ئەو ئاژەڵە دەبین و مەسرەفێکی زۆری دەکەین، لە بەهاریش دێینە کوێستان و هەتا مانگی شەش کە لەوەڕ خەڵاس دەبێ دەڕۆینەوە گوندی، دیسان لە مانگی ١٠ دێینەوە ئەم ناوچانە و لەوەڕ دەکرینەوە».

ئەو ئاژەڵدارە باسـی ئەوەی کرد کە لەوەڕگەکان بە کـرێ دەگرن و ئەوەش فشـاری زۆریان بۆ دروسـتدەکات. سـەبارەت بە کاری مەڕداری خۆیشی گوتی: «من خەریکی ئەو مەڕانە دەبم، دەزرییان لێدەدەم، ساڵی یەك جار دەیانبڕینەوە و خۆرییەکەی خردەکەینەوە، ئەگەر بازاڕی هەبێت، دەیفرۆشین، ئەگەر بازاڕی نەبێت دەیبەنە ماڵەوە، لەسەر دادەنیشن، ئیتر گوزەرانمان ئەوهایە، ساڵ بەساڵ حەیوانە زیادەکە دەفرۆشین، و مەسرەفی لێدەکەین».

سەبارەت بە هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵیش گوتی: «من نزیکەی ٢٥٠ سەر حەیوانم هەیە، تەن و نیوێك عەلەفم دەدەنێ، بەشی پێنج ڕۆژان دەکات، ئەوەی ئەوانیش بـە پارەیە، هەرچەندە نرخەکـەی هەزارنترە، بەڵام زۆر کەمە، هەروەها ئەوەتا بەیتەرە هەیە، بەڵام هیچ دەرمانیان نییە، سەردانیان دەکەین، دەرمانەکەمان بۆ دەنووسن و دەچین لەبازاڕ دەیکڕێن».

ئەو پیاوە مەڕدارە سەرەڕای هەموو مەینەتەکانی کارەکەی، دڵخۆشـی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: «مـن زۆر قەناعەتم بەم ژیانـەی خۆم هەیە، پشدەر چەندی پارە تێدایە، من هێندەی هەمووی دڵم بەو حەیوانەی خۆم خۆشە».

ئیسـماعیل سـاڵی ١٩٨٥ بـە (ژن بە ژنێ) هاوسـەرگیری کردووەو هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەوکات ئەگەر کەسـێکت نەبوایە، کەس ژنی نەدەدایتێ، من مامێکم ماڵێکی دەناسـی، ئەوە بوو من خۆشـکێکی خۆمم دا بەوان، ئەوانیش خوشـکێکی خۆیان دا بەمن و شتکە پێکهات. هەتا ئێستاش ژن بە ژنی هەر ماوە.

ئیسماعیلی مەڕدار گەرچی خۆی ژن بە ژنی کردووە، بەڵام وەك باسیکرد ئێستا ئامادە نییە بۆ کوڕەکەی ژن بە ژن بکات و دەڵێت: «ژن بە ژنی هەندێـك جار بە دڵی لایەك نییە، منیش ئامادە نیم کچی خۆم بە زۆر بە مێرد بدەم». سەبارەت بە ژنە بە ژنێی خۆیشی گوتی: «هیچ پەشیمان نیم و لەگەڵ ژنەکەم کەسمان زەرەرمان نەکردووە، لەخوا بەزیاد بێت هەردوولامان باشین» .

هاوسەرەکەی ئیسماعیلیش هەمان بڕوای هەبوو،

**خۆم گوێم لێبوو مەلا دەیگوت ئەگەر کیژت بە منداڵی مارەکرد، وەک ئەوەیە زیندەبەچاڵی بکەیت، بۆیە ئێستا مارەبڕینی سەر لانکە و گەورە بە بچووک نەماوە**

**راستە لە گوندان حکومەت خزمەتی ئیمەی کردووە، بەڵام ئێمە زۆر زیاتر خزمەتی پیشمەرگەمان کردووە**









گوتیشی: «گەرچی من خۆم زۆر مورتاحم و براژنیشم زۆر باشەو هەردوولامان هیچ کێشەمان نییە، بەڵام ئامادە نیم بۆ منداڵی خۆم ژن بە ژنێ بکەم و ناتوانم کچەکەم بە زۆر بە شوو بدەم». ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لە نێو مەڕداران بەرامبەر بە ئافرەت توندوتیژی بکرێ و گوتی: « توندوتیژی و شتی وا لای ئێمە نییە، ئێمە بە ژن و پیاو وەك یەك کاردەکەین و ڕێزی یەکتری دەگرین».

ئیسماعیل لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا باوەڕت بەوە هەیە کە ژن وەك پیاو کار بکات؟ گوتی: «بەڵێ، ئەگەر من بچم بۆ هەر ئیشێك لەگەڵم دێت، ئەگەر پێشی نەکرێت، دێت و شان بەشانی من دەڕوات، ئەوە بۆ من وەك پشت و هێزە». ژنی مەڕداران گەلەك ماندووە، ئەوان حەیوان دەدۆشن، خاوێنی دەکەنەوە، خوری دەڕێسن، ماست و پەنیر دروست دەکەن و پیاوان دەیفرۆشن».

دایکی ئیسماعیل ئەوەش ناشارێتەوە کە تا هەنووکە کچانی خۆیان خەتەنە دەکەن، ئەوە دەڵێت: «خەتەنەکردنی کچان ئەوە شتێکە هەر هەبووە و دەشبێت هەر هەشبێت، چونکە ئەگەر خەتەنە نەکرابی حەرامە شتی دەستی بخۆی».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا هیچ ڕێکخراوێك نەهاتووە لەو بارەیەوە قسەیان بۆ بکات، گوتی: «ئەوکات دەهاتن، پێش چەند ساڵێك ڕێکخراوەکان دەهاتنە ئێرە دەیانگوت کچان خەتەنە مەکەن، خراپە و زیانی بۆی هەیە، بەڵام ئێمە باوەڕیان پێناکەین، شەرع و سوننەت لامان لە هەموو شت گرنگترە، لە دین ئەوە هەیە و سوننەتێك دانراوە کە موسڵمان و کافر لەیەك جیادەکاتەوە، دەبێت کوڕەکەشمان لەو ڕێکچکەیە بڕوات، لەبەر ئەوەی باب و باپیرانمان ئەوەیان کردووە».

دوای ئەو باسانە سەردانی ئەو شوێنەمان کرد کە ئیسماعیلی مەڕدار خوری مەڕەکانی لێدەکردەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی بڕینەوەی مەڕانیش گوتی: «خۆی ساڵێ یەکجار لە بەهار واتە لە (٥/١٠) مەڕەکان دەبڕینەوە، سەرەتا مەڕەکە لە زەوی دەدەین و لاقانی دەبەستین و دواتر دەست بەبڕینی دەکەین، بەڵام ئەگەر لە زەردەی دابێت، زۆر باشترە، چونکە مەڕەکە چەور دەبێت، ئەوە بۆ مەڕەکە خۆشترە و ئازاری کەمتر دەبێت،، هەروەها ئەو ڕۆژە نابێت ئەو حەیوانە



**پێویستە حکومەت زەویمان بداتێ، ئاسانکاریمان بۆ بکات، بۆ ئەوەی کشتوکاڵیش بکەین**

**ژنی مەڕدار زۆر ماندووە، بیجگە لە شیردۆشین و پاکردنەوەی شوینەکانیان، خوری دەڕێسن، ماست و پەنیر دروست دەکەن و پیاوان دەیفرۆشن**

تێر بێت، ئەگەر تێر بێت، ریخۆڵەی دەئاوسێ و لەوانەیە (برینگ )ەکە لە زگی بدرێ و برینداری بکات، گەر برسی بێت زگی دەنیشێت و برینگەکە لێی نادات» .

ئیسماعیل باسی ئەوەشی کرد کە دایکی و هاوسەرەکەی خوریی مەڕەکان خاوێن دەکەنەوە و دەیشۆن و دواتر خۆی دەیفرۆشێ، ئەوەشی خستەڕوو کە زۆربەی خورییەکان بۆ ئێران دەبرێت و لەوێ دەیکەنە پشتی و هەندێکیشی تەنانەت بۆ جلوبەرگ بەکاردەهێنن.

هەر لە درێژەی ئەو سەفەرەدا چاومان بە شوانێك کەوت، گۆچانێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، ناوی (ئەحمەد حەمەد عەبدوڵڵا) لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە بەچەند کاری شوانی دەکەی؟ گوتی: «جا چەندەت بێت، هەر ئەوەندەیە کە خاوەن مەڕان دەیدات». دواتر باسی ئەوەی کرد کە هەموو ڕۆژێك ئەو مەڕوماڵاتە دەباتە لەوەڕگەکان و ئێواران دەیانهێنێتەوە.

گەرچی شوان و شمشاڵ لە کۆنەوە نێوانیان خۆش بووە، بەڵام ئەو شوانە جەختی لەوە کردەوە کە نازانێت شمشاڵ بژەنێ، گوتیشی: «من بەس جگەرە دەخۆم و رادیۆ و مۆبایلم پێیە». باسی ئەوەشی کرد کە زۆر جار مەڕی شوانی دیکەی دۆزیوەتەوە، هەواڵی پێداون و دواتر بردوویانەتەوە. ئەو شوانە ئەزموونێکی زۆری لەکارەکەی هەبوو، بە ئاسانی دەیزانی چ کاتێك مەڕەکان تینوویان دەبێت، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کاتێ گەرما داهات و مەڕەکان مۆڵیان خوارد لەبن دارەکان و خۆیان گردۆکە کرد، ئەوە دەزانم کە تینوویانە، مەڕەکە سەری لەبەر دەنێت، ئەوە تینوویەتی». جەختی لەوەش کردەوە کە مەڕەکان دەنگی شوانەکەیان دەناسنەوە .

هەر لە دەڤەری پشدەر و لە درێژەی ئەو سەردانە مەیدانییەدا لە نزیك چەند ڕەشماڵێك، خێزانێکی کۆچەری دیکەمان بینی، زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردین، ئافرەتی گەورەی خێزانە



باســی ئەوەی کرد کە ئەوە نزیکەی بیستوویەك ساڵە هاوســەرگیری کردووە و هەشت منداڵی هەیە، کە دوو کوڕ و شــەش کچن. ســەبارەت بــە کاری مەڕداری خۆیــان گوتی: «لەوەتی پشدەر ئاوەدان بوویتەوە ئێمە خەریکی مەڕدارین، ژیانیش لەوە ناخۆشــتر نابێت، ئاو زۆر کەمە و لەوەڕەگەش وەك پێویســت نییە، زۆر جار دەبێت حەیوان بفرۆشین بیدەین بە کا و جۆ، بۆ لەوەڕی مەڕان شــوێنیان بەکرێ دەگریــن، هیچمان بۆ نامێنێتەوە».

باسی ئەوەشــی کرد کە «زۆر جار گورگان بە شەو پەلاماری مەڕان دەدەن، بەڵام کلاشینکۆف و تاپڕمان هەیە و دووریان دەخەینەوە».

سەبارەت بە کاری ڕۆژانەشیان گوتی: «ئافرەتان لە گوند و چیای هەموو هاوکارییەکی پیاوانی خۆیان دەکەن، کە مەڕ هاتەوە، دەیدۆشن، شوێنیان خاوێن دەکەنەوە، نان دەکەین، شیو دەکەین، نانی لەئاوی وەردەدەین، ماســت و پەنیری دەکەین و تەنانەت شیناییش دەکەین».

گوتیشــی: «ماست و پەنیری زیادە دەفرۆشین و دەیدەنە خزم و ناســیاوان و دەشیکەینە خێر و بە خەڵکی فەقیری دەدەین، گوناحمان دەگاتێ ئەگەر خێر نەکەین، واتە چمان پینابێت، چونکە کەمی دەفرۆشین» .

حاجی عــەوڵا، سەرپەرشــتی خێزانەکەیە وەك باســیکرد لە ســاڵانی پەنجــاکان لەدایکبووە، ئەوەشی خســتەڕوو کە ئەو مەڕدارییە لە باپیرە گەورەی بۆی ماوەتەوە و تا ئێستا لێی بەردەوامە. بەڵام ئەوەش دووپــات دەکاتەوە کە «مەڕداری کاسبیەکەی زۆر سەخت و ناخۆشە». گوتیشی: «ئەو مەڕدارییە هیــچ خێری نەمایە، چونکە دەبێ لەوەڕگە بە نرخــی گران بەکرێ بگرین، حەقدەســتی شــوان ملیۆنێك دینارە، شەوانیش وەکو حەرەسێك لە دیار مەڕەکانین، دەبێ نەنووین لەبەر ئەوەی گورگ دێت، ماندووبوونی گەلەك زۆرە».

گوتیشی: «ڕاستە لە گوندان حکومەت خزمەتی ئێمەی کــردووە، بەڵام ئێمە زۆر زیاتر خزمەتی پیشمەرگەمان کردووە، بۆیە پێویستە حکومەت زەویمان بداتێ، ئاســانکاریمان بــۆ بکات، بۆ ئەوەی کشــتوکاڵ باش بکەین، ئەوە باشترە لەو مەڕدارییە کە جگە لــە ماندووبوونی زۆر، چ خێرێکی نەمایە».

حاجی عەوڵا لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «ئێســتا ژنخوازی گەورە بە بچووك نەماوە، خــۆم گوێم لێبوو مەلا دەیگوت ئەگەر کیــژت بە منداڵی مارەکرد، ئەوە وەك ئەوەیە کە زیندەبەچاڵی بکەیت، بۆیە ئێســتا مارەبڕینی سەر لانکە و گەورە بە بچووك نەماوە».

ئەوەشــی خســتەڕوو کە «لە کاتی کۆچەری کەمتر هاوسەرگیری دەکرێ و ئەوەشی بووکی بهێنــێ، خێوەتێکی بە جیا بــۆ هەڵدەدات، وەك جاران نەماوە هەمووی لەبن خێوەتێك بژین».

ئەو مەڕدارە لە کۆتای قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە هەندێك لە مەڕداران هەنگیش ڕادەگرن، گوتیشــی: «زۆر جار مــەڕداران لەقەندیل، ســینگینە، پشت کانی جەنگێ و بوارێ و زۆر شوێنی دی هەنگی دادەنێن و دواتر دەیبڕنەوە و هەنگوینەکەی دەفرۆشنەوە.

**زۆر سوپاســی لێژنەی ناوچەی ڕانییە و قەڵادزێ دەکەین کە هاوکارییان کردین.**

**زۆر جار گەلە گورگ بە شەو پەلاماری مەڕان دەدەن بەڵام کلاشینکۆف و تاپڕمان هەیە و دووریان دەخەینەوە**

**مەڕەکان دەنگی شوانەکەیان دەناسنەوە و کاتێکیش مۆڵیان خوارد لەبن دارەکان و خۆیان گردۆکە کرد، شوانەکە دەزانێت ئەوە تینووییانە**